# GSM لە عیراق و کوردستاندا



ئاسۆ عەبدوللەتیف*
-سلێمانی-
asolatif@sanatele.com



هەنگاو لە بنیات نانەوەی عێراق و ئاوەدانکردنەوەی کەرتە پیشەسازی و کشتوکاڵی و زانستی و تەکنەلۆژیەکان وەک هەنگاوی یەکەم دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (CPA)*ئەنجامیدابە دامەزراندنی تۆڕی خزمەتگوزاری مۆبایل و هەماهەنگی بۆ کێبرکێی کۆمپانیاکانی مۆبایل لە عیراقدا وەک وڵاتێکی تازە رزگاربووی پاش دیکتاتۆریەت، کاتی خۆی و لە سەروبەندی رزگاری عیراقدا ٢٠٠٣/٤/٩ تاکە پرۆژەیەک کە ئەمریکیەکان بیریان لێکردەوە مەسەلەی هێنانی تەکنەلۆژیای مۆبایل بوو بۆ عیراقیەکان، ئەگەرچی پێش پرۆسەی ئازادی عیراق رژێمی سەدام رێگەی نەئەدا بە هیچ جۆرە تەکنەلۆژیایەک و گەشەکردنێکی ئەلیکترۆن وەکو ئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفۆن - مۆبایل، بەڵام خۆشبەختانە لەو کاتانەشدا کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی باشتر بوو لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان و خەڵکی بە ئازادانە سەتەلایت و ئینتەرنێت و مۆبایلی سورەییا و مۆبایلی دەستی بەکار دەهێنا، لە کوردستان کە سەردەمی دوو ئیدارەییش بوو سێ کۆمپانیای مۆبایل هەبوون و کاریان ئەکرد لە بواری پەیوەندی تەلەکۆمدا کە بریتی بوون لە ئاسیاسێڵ و ساناتێل لە ناوچەکانی سلێمانی و کۆرەکتیلیکۆمیش لە ناوچەکانی هەولێرو دهۆک، بەڵام سنوری گەڤەرج و داپۆشینی تۆریان زۆر فراوان نەبوو، خزمەتگوزارییان سەرەتایی بوو، نرخیان گران و بازاریشیان قورس بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەریچەیەکی باش بوون بۆ هۆشیاری خەڵک و فێربوونی تاکی کوردی لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژییایەکی نوێ کە ناوی مۆبایلە.

(CPA) وەک دەسەڵاتێکی بەهێز و باڵاو حاکم، عیراقی دابەشکرد بۆ سێ ناوچە یان سێ زۆنی پەیوەندی و داپۆشین (باکور، ناوەڕاست ، باشوور) باکور کە بریتی بوو لە شارەکانی (دهۆک، موصڵ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، صلاح‌الدین) ناوەراستیش شارەکانی: (بەعقوبە، بەغداد، رومادی) باشووریش (بەسرە و ناسریە و سەماوەو شارەکانی دیکە)،

که دابەشکردنی ئەم سێ زۆنە بۆ ئەوەبوو تاوەکو هاوپەیمانان بە بوونی پێک بەستنەوەی ناوچەکان یان ناوچە فیدراڵیەکان کۆنترۆڵی تەواوی عیراق بکەن لەرووی ئاسایش و دابینکردنی ئارامی و زەمینە سازکردن بەرەو عێراقێکی نوێ دوور لە قۆرخکردن و دەستبەسەراگرتنی بازار لەلایەن نوخبەیەکی دیاریکراوەوە، ئەوان دەیانویست چەمکی بازاری ئازاد و سیستمێکی ئابوری ئازاد بهێننەکایەوە دوور لە مەرکەزیەتی دەوڵەت، کە بەعس خووی پێوەگرتبوو وە داهاتی عیراقی دووچاری خوێنبەربوونێکی زۆر کردبوو بەرەو کرینی جبەخانەو باروت، گۆرینی ئەم ستایلە بۆ ئەمریکیەکان گرنگ بوو، کە دەستیشیان پێکرد نەیانئەزانی کۆنترۆڵی ئەو بازارە نوێیە ئەوەندە قورسە،

بۆ ئەم مەبەستە ٣ مانگ پاش ئازادی عیراق و لە مانگی٢٠٠٣/٧ کۆنفرانسێک سازکرا لە عەممان بۆ ئەو سەرمایەدار و خاوەن کار و کۆمپانیایانەی کە ئارەزووی بەشداریکردنیان لە پرکردنەوەی تەندەری پێشنیار کراودا هەبوو بۆ وەگەرخستنی مۆبایل لە عیراق، کۆنفرانسەکە گەلێ پرس و مەسەلەی تیا روون کرایەوە ئەمە لە کاتێکدا بۆ هەر بەشداربوویەک یان کۆمپانیایەک دەبوایە هەزار دۆلار بدرایە بۆ چوونە ناو کۆنفرانس و سێ بەرێوەبەی سیستەم (OPERATER)* درا بە سێ کۆمپانیای خاوەن ئەزموونی ئیشکردن بەپێی پێشکەشکردنی تەندەرو یەکێک لە خاڵەکانی ئەو تەندەرەی کە رۆژی (٢٠٠٣/٧/٢١ ) هەموو کۆمپانیاکان پێشکەشیانکرد ئەوە بوو کە ئەبێت ئەو لایەنەی مۆڵەتەکەی بۆ دەرئەچێت (PACKAGE)* ێک بە بەشداربوو بدات کە ( ئامێرێکی تەلەفۆن ، سیم کارتێک و ٢٠٠ خولەک بۆ بەکارهێنەرو ٣٠٠ دەقیقە بۆ بەکارهێنەری بازرگانی) لەگەڵ کۆمەڵێک خزمەتگوزاری تردا کە گرنگترینیان (Roaming)* سیستمی گەشت بوو لە ناو خۆو دەرەوەی عێراقدا ئەویش بری ١٠٠ دەقیقەیە لە (PACKAGE)ە کەدا، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە ناو کۆنفرانسەکەدا پێش ٤ ساڵ باسی لێوەکرا جێبەجێ نەبوو،

زۆربەی سیستمەکانی دونیا بۆ پارەی کارتی قسەکردنی مۆبایل، واتە سیستەمی پارە لێوەرگرتن (Billing System)* کە لە وڵاتانی دنیادا سیستمی (Post Paid)ە کە بە کار هێنەر و بەشداربوو مانگانە نامەی بۆ دێت و ماوەی بەکارهێنانی تەلەفونەکانی تێدایە لەگەڵ نرخی دەقیقەکانیان، بەڵام لەبەر نەبوونی سیستمی داهات و ئابووری و بانکی لەوڵاتی ئێمەدا ئەو سیستمە کاری پێ ناکرێ و پریپەید زیاتر بەکاردێت هەرچەندە ووردە ووردە خەریکە پۆستپەیدیش شوێنی خۆی ئەگرێ و ئەچەسپێ.

پرۆژەی پێشنیارکراوی (CPA) نرخی مۆڵەتی ساڵانەی هەر یەکێک لە سێ ناوچەکانی عێراق کە بۆ ئەم کۆمپانیایانە دەرچوو (وەتەنیە و ئاسیاسێل) لە باکورو (عیراقناو ئۆراسکۆم) لە ناوەراست و (ئەسیر MTC) لە باشوور وەریانگرت، بەم شێوەیە دیاریکرد:

١ ـ باکور ١,٣٣ ملیۆن دۆلار ساڵانە .

٢ ـ ناوەڕاست ٢,٠٨ ملیۆن دۆلار ساڵانە

٣ ـ باشوور ١,٦ ملیۆن دۆلار ساڵانە .

ئەگەرچی گرنگە ئاماژەیەکی مێژوویی بەوە بکەین کە دەبوو بەشی کوردستان وەک ناوچەیەکی فیدراڵی کە بە ناوچەی باکووری عیراق ناسێنرابوو کورد خۆی مۆنۆپۆڵی بکردایە نەک بدرایەتە دەست کۆمپانیای بیانی یان عەرەبی هەرچەندە هەریەک لە کۆرەکتیلیکۆم و ئاسیاسێل و ساناتێل چەند دانیشتنێکیان ئەنجامدا بۆ ئەوەی بەیەک تۆری پەیوەندی و یەک کۆمپانیای کوردی تەندەر پێشکەش بکەن تاوەکو هەموو ناوچەکانی کوردستان یەک تۆری فراوانی کوردستانی تێدا بوایە و ئەو سەرمایە نیشتیمانیە وەک داهاتێک بۆ کورد بوایە، بەڵام بەرژەوەندی ئابوریانەی تەسک و یەکتری قبوڵ نەکردن و رێکنەبوونی ماڵی کورد وای کرد هەستی بەرپرسیاری و ئینتیمای نەتەوەیی بخەینە لاوەو لەبیری بکەین کە ئەمەیان راستەوخۆ پەیوەندی بە نەبوونی ئاسایشی ئابوری کوردیەوە هەبوو کە دەسەڵات گوێی پێنەئەدا کەبەشێکی ئەو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆی ئەوانەو کەمتر نەبوو لە ئاسایشە نەتەوەییەکە، کەئەو یەکبوونە بکرایە رەنگە قەیرانی تێکەڵنەکردنی تۆرە کوردیەکانیش بەم ئاستە نەگەشتایە و ئەوەندە کێشەکان زەق نەبونایەتەوە.

یەکێک لە مەرجەکانی ئەم مۆڵەتپێدانە دانانی بارمتەی (٣٠ ) ملیۆن دۆلاربوو لەلایەن مۆڵەت پێدراو بۆ دڵنیابوون لەجێ بەجێ بوونی بەڵێنەکان کە لە تەندەرەکەدا هاتووە، بە پێچەوانەوە (CPA) ئەو پارەیە لای خۆی ئەهێڵێتەوە بۆ ١٢ مانگ، ئەگەرچی ئەم کۆمپانیایانە بە حوکمی رەوشی ئەمنی ناوچەکانی عیراق و مەترسیەکانی رفاندن و ترساندن و ئیرهاب لەلایەن تۆرە تیرۆریستیەکانەوە زۆرێک لەو بەڵێنانەیان جێبەجێ نەکرد ئەگەرچی بۆ زیاتر بەرکەماڵکردنی تەلەکۆم و پەیوەندی و زیاتر ئاشنابوونی تاکی کوردو عیراقی بە تەکنەلۆژیای مۆبایل پاش ساڵێک لە مێژووی وەرگرتنی ئەو سێ مۆڵەتنامانە کۆمپانیایەکی وەکو (ساناتێل) یش کە کۆمپانیایەکی ئەهلی و کوردی بوو لە ناوچەکانی کوردستانداو خاوەنی بەشداربوویەکی زۆربوو توانی مۆڵەتنامەیەکی کارپێکراو لە ٢٠٠٤/٤/٢١ وەربگرێت لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە هۆڵی کۆشکی کۆنگرەکان بۆ کارکردن وەکو ئۆپەرێتەرێکی رەسمی، هەرچەندە پێشتر لەگەڵ کۆرەکتیلیکۆم و کۆمپانیایەکی بیانیدا ساناتێل بەشداری کردبوو هەم لە پێشکەشکردنی تەندەرو هەم لە کۆنفرانسی عەممانداا بەڵام چانسی بردنەوەی نەبوو، ئەوەی کە ماوەتەوە بووترێت ئێستا مۆڵەتی کارکردنی سەرجەم کۆمپانیاکانی مۆبایل لە عیراقدا کۆتایی هاتووەو هەڵپەسێردراوە بۆ ئەوەی لە چەند مانگی داهاتوودا دیسانەوە سیستەمی پەیوەندی و مۆبایل بە شێوەیەکی نوێ دابرێژرێتەوەو مۆڵەتنامەکان نوێکرێنەوە، بەڵام ئەم جارەیان بڕیاربوو کۆنفرانسێکی فراوان ببەسترێت و مۆڵەتی کارکردنیش بدرێت بە چوار کۆمپانیا لەبری سێ کۆمپانیا لە هەموو عیراقدا و بڕیاریشە ساناتێل و کۆرەکتیلیکۆم وەک کۆمپانیایەکی سەربەخۆی کوردستانی تەندەر پێشکەش بکەن و بچنە ناو کێبرکێی نوێوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ کە رەنگە ئەمجارەیان مۆڵەتنامەکان بۆ ١٠ ساڵ بێت، بەڵام بە هۆی هەندێ ئیشکالی دەزگای میدیاو گەیاندنی عیراقی CMC* کە رایگەیاندووە مۆڵەتەکانی عیراق تەنها بۆ سێ کۆمپانیا ئەبێت لە بری چوار کۆمپانیا، دیارە ئەم هەوڵەش چانسی کۆمپانیا کوردیەکان لاواز ئەکات، بەتایبەت کۆرەکتیلیکۆم و ساناتێل کە ئێستا لە هەموو کوردستاندا باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکەن و نزیکەی دوو ملیۆن بەشداربوویان هەیە بە بەرزترین کوالیتی قسەکردن و راژەوە، هەر ئەوەش بوو وایکرد کە وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی توند لەو بارەیەوە وەربگرێت و ئەو هەوڵە پەک بخات، چونکە لە مەسەلەی خزمەتگوزاریەکانی مۆبایلدا لە عیراق و کوردستاندا بە حوکمی پێشینەی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا ناکرێت کوردستان پەراوێز بخرێت و حساب بۆ یاساکانی ئەم هەرێمە نەکرێت و کۆمپانیا کوردیەکان پشتگوێ بخرێن، دەبێت پرسی ئاسایشی ئابوری هەرێم بە هەند وەربگرین و خۆمان سەرمایەگوزاری بە تواناکانمانەوە بکەین، تا کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی وەبەرهێن و دامەزراو دروست بکەین لە کوردستاندا، ئێمە چۆن ئەچینە ژێر باری یاساکانی عیراقی و دەستوورەوە، ئاوەهاش عیراقیەکانی دیکەو دەسەڵاتی بەغداد بەتایبەتی دەبێ حساب بۆ باری یاسایی و واقیعی ئابوری و بازارگەری کوردستان بکەن بەتایبەتی لە مەسەلە ئابوریەکانی وەک نەوت و مۆبایل GSM دا.

-------

پەراوێز:

cpa:
دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بوو لە عێراق کە پۆڵ بریمەر حاکمیەتی دەکرد لە عیراقدا.

OPERATOR :
(المشغل) بەکارهێنی سیستم بۆ هەر کۆمپانیایەکی مۆبایل و تێلکۆمەنیکەیشن.

Roaming:
(التجول) بە کار هێنانی خزمەتگوزاری مۆبایلەکەت لە ناو تۆرێکی تردا، واتە سیستمی گەشتکردن و گەران.

Package:
خزمەتگوزاری ئامادە کراوە بە بەشداربوو ئەدرێت وەکو هاندسێت و کارتی قسەکردن و دیاری جۆراوجۆر.

Billing System:
(نظام الفواتیر) سیستمێکە بۆ دیاریکردنی کرێ و نرخی قسەکردن وەک (پریپەید و پۆست پەید) پارەی لە پێش و لە پاش.

CMC:
دەزگایەکی سەربەخۆی عیراقیە بۆ میدیاو گەیاندن کە پاش رزگاری عیراق دروست بوو، پێشتر NCMC بوو.

--------

*بەرپرسی راگەیاندنی ساناتێل